بەریتانیا خەریکی دانوستانە لەگەڵ حکومەتی کوردستان بۆ ڕێگری لە کۆچکردنی هاوڵاتیانی هەرێم

بەریتانیا خەریکی دانوستانە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا لە بری پارەدان بە هەوڵەر، حکومەتی هەرێم ڕێگری بکات لە کۆچی کوردان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

ڕۆژنامەی زا ساندەی تایمز ڕایگەیاند، وڵاتی بەریتانیا لە هەنگاوێکی نوێدا و بۆ لاسایی کردنەوەی ئیتاڵیا، دیپلۆمات بۆ پارەدان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگری لە کۆچبەریی کوردانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتە بگرێت.

بۆ گوترەی ئەو ڕۆژنامەیە وڵاتی بەریتانیا بۆ لاسایکردنەوەی پلانی ئیتاڵیا بۆ ڕێگرتن لە کۆچبەری لە باکووری ئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە هەرێمی کوردستان، هەوڵ دەدا بۆ هاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بری پارەدان بە هەوڵەر ڕێگر بێت لە کۆچبەریی کوردەکان بۆ بەریتانیا و بۆ ئەو مەبەستە وەزیری ئاسایشی ناوخۆی بەریتانیا خەریکی دانوستانە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمە.